www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-11-2007 21:50

**بۆ هاوڕێم ئازاد جوندیانی ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی***

بەڕێزتان وەك بەرپرسی نوسینگەی ڕاگەیاندنی حیزبێکی گەورەی کوردستان، حەزم کرد دوو سەرنج بخەمە بەردەستان.
یەکەم/ حیزبێکی گەورەی وەك (ی.ك.ن) کە خاوەنی چەند دەستگایەکی گەورە و کاریگەری ڕاگەیاندنە وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەیان هۆکاری تر، هەڵبەت ئەتوانن کاریگەرییەکی گەورە لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی دابنێن و بەئاراستەیەکی دیاریکراودا ببیەن، هەندێك وشە و دەستەواژە بەکارئەهێنن کە دواتر دەبێتە زمانی ئاخاوتن و نوسینی خەڵکانی تریش کە مەرجیش نییە ڕاست بن، لەسەردەمانێکدا کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیان هەبوو وێرای فکری (منصور حکمت) کە ئەوان بە ڕابەرێکی گەورەیان دادەنا، زمانیشی کاری هەبوو بۆ سەر ڕاگەیاندنەکەیان تا وایلێهاتبوو ئێمە و مانان هەر گوێمان لێدەبوو کەسێك وشەی (مەحکوم دەکەین) ی بەکار دەهێنا، ڕاستە و ڕاست دەمانزانی یان لە شوێنێکەوتوانی ئەوانە یان خوێنەرێکی بەردەوامی ڕۆژنامەکەیانە، لەو وشانەی ئێوەش زۆرن بۆ نمونە (پێم وایە)، (ئاودیو کردن) و دەیانی تر کە زۆر جار بۆ یەکەمجار ئەو وشانە لە زاری بەڕێز مام جەلالەوە دادەکەوێت و دواتر بەدوایدا خەڵکێکی زۆر بەکاری دەهێنن، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێز مام جەلال وەك سەرکردەیەك و شۆڕشگێڕێکی ماندوو نەناس، بەڵام مەرج نییە زمانی ئەو ستانداری کوردی بێت، بەپێچەوانەوە ئەو زۆرجار زمانی ناوچەیەکی دیاریکراو کە کۆیە و دەوروبەری تەق تەقە بەکاردەهێنێت، جارێك لەیەکێك لەبەرنامەکانی هونەرمەند (مستەفا ئەحمەد) بەگاڵتە جارییەوە کە ئەو وشەیەی بەکاردەهێنا (پێم وایە) جار جار دەستی بۆ قاچی ڕادەکێشا، چونکە (پێ) بەمانایی بەشی خوارەوەی قاچ (ئەوەی پێڵاوی تێدەکرێ) بەکاردێت و کورد زیاتر وشەی (لام وایە) بەکاردەهێنێت، وەك: لام وایە تورك نیازیان خراپە، یان بەلای تورکیاوە گرتنی کوردستان ئاسانە، کە وشەی (پێ) بەو جۆرانە پێناسە ناکرێت، یان وشەی (ئاودیو) بەمەبەستی بەقاچاخ بردنی شت و مەك دێت بۆ ئەودیوی سنور کە دەکرێت ئەو وشەیە بۆ زۆر مانای تریش بەکاربهێنرێت، کەچی لەو مانایانە ڕووت بۆتەوە و هەر بۆ مەبەستی بە قاچاخ بردن بەکاردێت، بەهەرحاڵ من هەرچەندە لەبواری زمانەوانیدا ئەو شارەزاییەم نییە، بەڵام لەزۆر کۆڕ و دانیشتندا لە خەڵکانی تریشم بیستووە کە ئەو جۆرە بەکارهێنانانە تێکدانی زمانی ستانداری کوردییە.
دووەم/ لەکاتی شەڕی یەکێتی و پارتیدا (بڕوات و نەیەتەوە)، کوردستان چ وەك دەسەڵات و چ وەك ناوچەی دەسەڵاتیش بووبووە دوو بەشەوە، سنوری ئەو دەسەڵاتە جیاکردنەوەیە لەسەر ڕێگەی سلێمانی-هەولێر کەوتبووە نزیك شارۆچکەی ڕزگاری (دێگەڵە)، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات لەو ناوەڕاستەدا هەندێك بەردی ڕەنگاوڕەنگ کرد کە نازانم مەبەستی چی بوو، بەڵام دواتر بووە شوێنی مشتومڕی زۆر و زۆریشی لەسەر نوسرا کە گوایە ئەو هونەرمەندە خەتای کردووە هاوکاری فکری دابەشکردن و سنور دانانی لەناو کوردستاندا کردووە و کوردستان یەك ئاو و یەك زەوی و یەك میللەتە و جیاوازی دوو حیزب لە فیکر و بۆچووندا ناکاتە دابەشکردنی کوردستان، لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی (ی.ك.ن) یشدا دەبینین دوو بێژەر پێکەوە هەواڵەکانمان پێ ڕادەگەیەنن کە ئەمە هیچ خزمەتی زمانی کوردی و سیاسەتی کوردی و نەتەوایەتی کوردی ناکات، لەزۆر وڵاتی تری جیهاندا شێوە زمانی جیاوازی یەك نەتەوە هەیە، بەڵام چەند بێژەرێکیان دانەناوە، ئەگەر بەو پێیە بێت با بێژەرێکیش بەشێوە زمانی هەورامی لەپاڵیاندا دابنیشێت خۆ ئەویش لەشێوە زمانی کرمانجی خوارو جیاوازی زۆرە، پاشان من دەپرسم چ کاتێك گوێمان لێبوو بەڕێز مەسعود بارزانی یان نێچیرڤان بارزانی بەشێوە زمانی کرمانجی ژوورو (بادینانی) وتارێك بەو شێوە زمانەی خۆیان بدوێن تەنانەت لە دهۆك و زاخۆشدا.
بۆیە داواکارم لە بەڕێز کاك ئازاد کە لەو مەسەلانە سەرنج بدات و کاریگەری خراپ دانەنێن لەیەك ڕیزی نەتەوە و ستانداری زمان.
*سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.